سوپای پاسداران: هێرشەکانی سەر لوبنان رانەگیرێن، وەڵامی توندمان دەبێت

سوپای پاسدارانی ئێران هۆشداری دەدات کە ئەگەر هێرشەکانی سەر لوبنان رانەگیرێن، ئەوا وەڵامی تونديیان دەبێت بێ ئیسرائیل و ئەمریکا لەو ناوچەکەدا.

سوپای پاسدارانی ئێران، ئاوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە، لە راگەیەندراوێکدا وتی، هێشتا چەند سەعاتێك بەسەر ڕێککەوتنی ئاگربەستدا تێنەپەڕیبو، ڕژێمی ئیسرائیل دەستی کرد بە کۆمەڵکوژییەکی دڕندانە لە بەیروت.

سوپای پاسدارانی ئێران وتوشیەتی، هۆشداری توند دەدەینە ئەمریکای پەیمان شکێن و هاوبەشی زایۆنیزم کە ئەگەر دەستبەجێ هێرشەکانی سەر لوبنان رانەگیرێن، وەڵامی پەشیمانکەرەوەمان بێ دەستدرێژیکاران لەو ناوچەکەدا دەبێت.